**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی، هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (9)ی رۆژی (2007/4/16) دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا.

## یاسای ژمارە( 5 )ی ساڵی / 2007

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(3) ی ساڵی 1998ی یاسای کوژاندنەوەو لێك جیاکردنەوە (إفراز) ی زەوی و زار لەناو سنووری شارەوانیەکاندا

**ماددەی یەکەم:**

برگەی(2)ی ماددەی دووەمی یاسای کوژاندنەوەو لێك جیاکردنەوەی زەوی و زار لەناو سنووری شارەوانیەکانی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 هەموار دەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2- خاوەن ماف تەسەرووفی ئەو زەوی و زارانە بەرێژەی (12٪) لە کۆی رووبەری زەوییە کوژێنراوەکە قەرەبوو دەکرێتەوە و وەك موڵکی سرف بەناوی تۆماردەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

برگەی(2)ی ماددەی سێیەم هەمواردەکرێ وبەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

2- خاوەنی ئەو زەویانە بەرێژەی (20٪) لەکۆی رووبەری ئەو زەوییەی کەبەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێ بەشێوەیەکی (عەینی) قەرەبوو دەکرێتەوەو ئەو رووبەرەی کە پێی دەدرێ بەجیاکراوە دادەنرێ بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بەکارهێنانەکانی بڕیاری بۆ دراوە ناکۆك نەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو زەویانەی ناو سنووری شارەوانی دەگرنەوە کەبڕیارەکانیان پلەی یەکلاکەرەوەی وەرنەگرتووە.

**ماددەی چوارەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیاریك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

**ماددەی پێنجەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**- هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

بۆ بەدیهێنانی داد وهاوسەنگی لە نێوانی بەرژەوەندی تایبەتی خاوەن تەسەروف وخاوەن زەوی وزاری کشتوکاڵی وبەرژەوەندیی گشتی وبۆ یەکخستنی یاسا وبڕیارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (67) **ساڵی حەوتەمی - ی رۆژی** 2007/7/1 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە.**